Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2108103

# ئاستی پشت بەستنی  پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ بۆدروستکردنی بڕیاری سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا

فواد عەلی ئەحمەد                    بەرهەم خالد  أحمد

زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان / بەشی ڕاگەیاندن

*Article Info*

Received: January, 2021

Accepted :February,2021

Published :April ,2021

*Keywords*

میدیای نوێ، دروستکردنی بڕیاری سیاسی،  پەرلەمانتاران ومیدیا

*Corresponding Author*

barham.ahmed@univsul.edu.iq
fuad.ahmed@univsul.edu.iq

**پوختە**

دەرئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەرەوپێشچونی جیهان و فراوانبونی مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا، کەهۆکارێکی بەهێز بوون بۆ دروستبونی ئامرازی نوێی میدیایی یەکێک لەوانیش میدیایی نوێیە، کەلەناواخنیدا هەموو هۆکارە کلاسیکی و باوەکانی تری لەخۆ گرتووە، بەواتای میدیایی نوێ توانیوەتی ئامرازەکانی (خوێندنەوە (چاپکراوەکان)، بیستن (رادیۆ و دەنگ)، بینین (تەلەڤزیۆن، ڤیدیۆکان)) لەخۆیدا و بەیەکجار بڵاوبکاتەوە.

ئەمەش بۆتە هۆکارگەلێکی بەهێز کەمیدیای نوێ کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بکاتە سەر هەموو لایەنەکانی ژیان، بەتایبەتیش سەر تاکەکانی ناو کۆمەڵگا، کەچیتر دەستە و تاقم و لایەنەکان نەتوانن بەئاسانی کۆنترۆڵی شێوازی بیرکردنەوە و دەربڕینی ڕاوبۆچونی جەماوەر بکەن، هەر ئەم جۆرە میدیایەشە بۆتە هۆکارێک بۆ چوونە نێو کایەی سیاسی و هەموو جومگەکانی سیاسەتەوە، تا رادەی بۆنە هۆکارێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان.

لەدوای راپەرینی هەرێمی کوردستان لەساڵی 1991 و دروستبونی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ناساندنی هەرێمی کوردستان وەک کایەیکی فیدراڵی سەربەخۆ، رۆڵ و کاریگەری سیاسەت لەم هەرێمەدا رۆژ لەدوای رۆژ بەچەندان نشێوی تەنگەژەدا تێپەڕیووە، بەڵام لەدوای بەرەوپێشچونی ئامرازەکانی میدیا و بەتایبەتیش میدیایی نوێ شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ پرس و بڕیارە سیاسییەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، تەنانەت زۆرجاریش میدیایی نوێ توانیوەتی بڕیارێکی سیاسی پێچەوانە بکاتەوە و بوئاکار و ڕێڕەوێکی تریدا بەرێت.

ئەمەش بۆتە هۆکارێک ئەو کەسانەی پێگەیەکی سیاسی گرنگیان هەیە لەووڵاتدا، پەنا بۆ میدیای نوێ بەرن لە چۆنیتی دەرکردنی بریارەکانی و گرنگی پێگەی ئەم میدیا بەرز بنرخێنن و تەنها وەک بەشێکی لاوەکی لێنەڕوانن.

## کێشەی توێژینەوە

هەموو توێژینەوەیەک لەسەر بنەمایی کێشەیەک بونیاد دەنرێت کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی تاچەند میدیایی نوێ کاریگەری لەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی و گۆڕانکاری کردن لەو بڕیارانەی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دراون هەیە، تاچەند جەماوەر توانیویەتی سود وەرگرێت لەمیدیایی نوێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە سیاسییەکان، لەم روانگەیەوە ئەم چەند پرسیارە دەخەینەڕوو:

1- ئایا میدیایی نوێ ئامرازێکی بەهێزە بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر پەرلەمانتاران لەهەرێمی کوردستاندا؟

2- بەکارهێنانی جۆرە جیاوازەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی رۆڵی چییە لەسەر پەلەمانتاران؟

3- تاچەند تەمەن کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی پشت بەستنی پەرلەمانتاران بەمیدیا نوێ؟

4- تاچەند بڕوانامە کاریگەرە لەسەر ئاستی پشت بەستن بەمیدیای نوێ؟

5- تاچەند گۆڕاوی تەمەن کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی پشت بەستن بەمیدیای بوێ و کاریگەری لەسەر گۆڕاوەکانی زانیاری و ویژدانی و رەفتاری پەرلەمانتاران؟

گرنگی توێژینەوە

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی گرنگی خۆی هەیە، لەچەندین بواردا،وەک بواری زانستی کەهۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی بواری زانست و بەهێزکردنی کتێبخانەکان بەتوێژینەوەی نوێ و بەرەوپێشبردنی ئاستی زانستی، هەروەها گرنگی زۆری هەیە بۆ شارەزایان و خوێنەرانی ئەکادیمی لەدەستخستنی زانیارییە نوێییەکان، لەڕووی پراکتیکیشەوە هۆکارێکی بەهێزە بۆ دەرخستنی کەم و کورتییەکان و خستنەڕووی ئامانج و دۆزینەوەی چارەسەرەکان بۆ ئەو کێشانەی ڕوودەدەن.

ئامانجی توێژینەوە

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی بەدەرنییە لەکۆمەڵێک ئامانج، ئەم توێژینەوەیەش، چەند ئامانجێکی گرنگی هەیە، کەکار دەکات لەپێناو وەرگرتنەوەی وەڵامەکانی:

1- ئایا میدیایی نوێ بۆتە هۆکارێکی بەهێزی کاریگەر لەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی و پەرلەمانی لەهەرێمی کوردستاندا؟

2- ئایا تەمەنی پەرلەمانتاران کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی پشت بەستنی پەرلەمانتاران بەمیدیا نوێ؟

3- ئایا گۆڕاوی تەمەن و بڕوانامە کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی پشت بەستن بەمیدیای نوێ و کاریگەری لەسەر گۆڕاوەکانی زانیاری و ویژدانی و رەفتاری پەرلەمانتاران؟

بوارەکانی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە سێ بواری سەرەکی لەخۆ دەگرێت:

1- بواری کات: لەساڵی 2006 تا 2019.

2- بواری شوێن: هەرێمی کوردستان.

3- بواری بابەت: میدیایی نوێ و بڕیارە سیاسییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

جۆر و میتۆدی توێژینەوە

توێژینەوەیەکی تیۆریە و پراکتیکییە، پشتی بەداتاکانی بەشی تیۆری

و پراکتیکی بەستووە بۆ دەرخستنی وەڵامەکان و گەیشتنە ئامانجەکانی، لەڕێگەی دابەشکردنی فۆرمی راپرسی.

سامپڵی توێژینەوە

توێژینەوەکە بۆ دەستخستنی وەڵامی گونجاو وورد و گرنگ لەسەر رۆڵی

میدیایی نوێ لەدروستکردنی بڕیاری سیاسیدا، سەرجەم پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستانی بەنموونە وەرگرتووە.

پێناسەی چەمکەکان

1- پشت بەستن: واتە پشت بەستن بەمیدیا، لەپێناو گەیشتنە ئامانجێکی دیاریکراو.

2- پەرلەمانتاران: ئەو کەسایەتییانەن، کەهەر چوار ساڵ جارێک لەلایەن هەووڵاتیانەوە لەڕێگەی دەنگدانەوە هەڵدەبژێرێن و دەبنە پەرلەمانتاران و لەپەرلەمان کاردەکەن.

3- میدیا نوێ: ئاوێتەیەکی تێکەڵی هەموو میدیا تەقلیدییەکان و کاریگەری بەهێزی لەسەر هەموو کایەکانی ژاین هەیە.

4- بڕیاری سیاسی: هەموو ئەو بڕیارانە دەگرێتەوە، لەپێناو باشترکردنی ژیانی هاووڵاتیاندا دەدرێت.

5- هەرێمی کوردستان: قەوارەیەکی سیاسییە، لەلایەن دەستوری عێراقەوە دانی پێدانراوە.

باسی یەکەم: پێناسەی مێدیای نوێ

بۆ ئامانج و مەبەستی ئەم توێژینەوەیە، پێناسەکردنی میدیای نوێ گرنگی و بایەخی زۆری هەیە و پێویستە. ئەگەرچی چەمکی مێدیای نوێ وەک زۆرێک لە چەمکەکانی دیکەی بوارە جیاوازەکانی لقی زانستە مرۆییەکان هەڵگری چەندین پێناسەی جۆراوجۆر و خوێندنەوە و تێگەیشتن و راڤەکردنی جیاوازە و پێناسەکانیش بەردەوام لە گۆڕانکاریدان.

دوو ئاراستەی سەرەکی لە پێناسەکردنی مێدیای نوێدا هەیە، یەکێکیان ناساندنی مێدیای نوێ پەیوەست دەکات بە

کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیاوە کە ئەمەیان یەکانگیر دەبێتەوە لە تێگەیشتنی زانای بواری کۆمونیکەیشن، مارشاڵ ماکلۆهان کە لەساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوودا ئامرازی راگەیاندن وەک چەقی مێدیا تەماشا دەکات و پێیوایە ئەوە ئامرازە کاریگەری دروست دەکات نەک پەیام و پێیوایە تەکنەلۆژیا رۆڵی سەرەکی دەبێنێت لە ژیانی مرۆڤدا بە تایبەت کاتێک وەک مێدیای نوێ خۆی بەرجەستە دەکات(1) و ئاراستەی دووەمیش وەک مێدیا پێناسەی دەکات لەگەڵ کەمێک گۆڕانکاری بە تایبەت لە رۆڵی وەرگر بە بەراورد بە مێدیای کۆن(2).

فەرهەنگی ئۆکسفۆردی بەریتانی لە پێناسەی مێدیای نوێدا دەنوسێت هەر هۆکارێکی راگەیاندن سود لە کۆمپیوتەر و هێڵەکانی ئینتەرنێت وەربگرێت و بەرهەمێکی مێدیایی بەرهەم بهێنێت کە ئامانج لێی گەیاندنی زانیاری یاخود کات بەسەربردن بێت ئەوە مێدیای نوێیە(3).

هەروەها ماڵپەری تێکۆپێدیا (Techopedia) پێناسەی مێدیای نوێ دەکات بەوەی کە شێوازێکی دیجیتاڵی کۆمۆنیکەیشنە کە لە رێگەی کۆمپیوتەر و مۆبایلە زیرەکەکان و ئامێرە ئەلکترۆنیەکانی دیکەوە رودەدات. هەروەها مێدیای نوێ بە ئاوێتەبونی بەکارهێنەرانی لە مێدیای کۆن جیادەکرێتەوە و وەرگر ئازادی هەڵبژاردنی ناوەڕۆک و بابەت مێدیاییەکانی هەیە بە گوێرەی حەز و ویست و کاتی خۆی(4).

پاوڵ لێستەر لە پێناسەی مێدیای نوێدا دەڵێت:" کۆمەڵێک تەکنەلۆژیای پەیوەندیە کە لە بەرەنجامی هاوسەرگیری نێوان کۆمپیوتەر و ئامرازە کلاسیکیەکانی راگەیاندن، چاپ، و وێنەگرتن و دەنگو ڤیدیۆوە لەدایک بوون(5).

فەرهەنگی مایکرۆسێرڤس تایبەت بە خزمەتگوزاری تەکنەلۆژیای ژمارەی، نزیک لە پێناسەکەی لێستەر پێناسەی مێدیای نوێی کردووە و نوسیویەتی کە تێکەڵبون و ئاوێتەبونی کۆمپیوتەر و تۆڕەکان و مەڵتیمێدیا دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی مێدیای نوێ(6).

ستیف جۆنس لە کتێبەکەیدا بە ناوی ئینسایکلۆپێدیای مێدیای نوێ پێناسەی مێدیای نوێ دەکات زاراوەیەکە بەکاردێت بۆ وەسفکردنی جۆرە جیاوازەکانی پەیوەندیکردی ئەلکترۆنی کە بە هۆی کۆمپیوتەرەوە ئەنجام دەدرێت بەرامبەر وەک جێگرەوەیەک بۆ مێدیای کلاسیك کە خۆی لە رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆندا دەبینێتەوە کە ئەو بە ئامرازە جێگیرو نەجوڵاوەکان وەسفیان دەکات، بەڵام مێدیای نوێ بە داینەمیکیەت و پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر دەناسرێتەوە(7).

### ناوەکانی مێدیای نوێ

سەرهەڵدانی مێدیای نوێ بە تەنها نیە، بەڵکو لەگەڵ خۆیدا چەند چەمک و دەستەواژەیەکی هاوشێوەش هاتوەتە ناو کایەی راگەیاندنەوە کە پێویستە لەو چەمکانەش تێبگەین بۆ ئەوەی بابەتەکە رونتر ببێتەوەو باشتر لە مێدیای نوێ تێبگەین. لەوانە چالاکیە ئینتەرنێتیەکان دیجیتاڵ مێدیا، و مێدیای ئینتراکتیف سایبەر مێدیا و هایپەر مێدیا و ستیزن جۆرنالیزم و مەڵتیمێدیا و مێدیای ئینتەرنێتی و رۆژنامەی ئەلکترۆنی و ئینفۆ مێدیا و سۆشیەڵ مێدیا، مەدوناتەکان، بلۆگەکان، یاری ئەلکترۆنیەکان(8).

بە هۆی ئەوەی سەرهەڵدانی مێدیای نوێ لەرووی کات و مێژووە نوێیە و وەک لە ناوەکەشیدا دیارە، بە تەنها یەک چەمکی دیاریکراو نیە کە وەسفی ئەم دیاردە تازەیەی پێبکرێت لە بواری مێدیادا، بەڵکو چەندان ناو و نازناوی دیکەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە هەندێکیان وەک هاوواتا و هەندێکیشیان بە پێی سیفات و تایبەتمەندی خۆی جیادەبێتەوە کە ئەمانەن لەوانە(9):

١-مێدیای ژمارەیی Digital Media; کە مەبەست لێی وەسفکردنی هەندێک لەو بوارە مێدیاییانەیە لە رێگەی کۆمپیوتەرەوە کاری بەرهەمهێنان و پەخش ئەنجامدەدەن وەک تەلەفزیۆن و رادیۆ دیجیتاڵییەکان.

[1] McLuhan, M. (1960) Effects of the improvements of communication media, Journal of Economic History , 20, pp. 566–575.

[2] Dewdney, A. and Ride, P. (2006). *The new media handbook*. London: Routledge, pp.67-72.

[3] Oxford Dictionaries | English. (2018). *new media | Definition of new media in English by Oxford Dictionaries*. [online] Available at: https://en.oxforddictionaries.com/definition/new_media [Accessed 5 Nov. 2018].

[4] Techopedia.com. (2018). *What is New Media? - Definition from Techopedia*. [online] Available at: https://www.techopedia.com/definition/416/new-media [Accessed 5 Nov. 2018].

[5] Lester, P. M. (2011). *Visual communication: images with messages*. Boston. MA, Wadsworth, pp. 53.

[6] SearchMicroservices. (2018). *What is new media? - Definition from WhatIs.com*. [online] Available at: https://searchmicroservices.techtarget.com/definition/new-media [Accessed 5 Nov. 2018].

[7] Jones, S. (2003). *The Encyclopedia of new media*. Sage, pp.65-72.

[8] Feldman, T. (2012). *An Introduction to Digital Media*. NewYork. Sage, pp.27-34.

[9] مصطفى، عباس (٢٠٠٨).الإعلام الجديد؛ المفاهيم والوسائل والتطبيقات. دار الشروق للنشر والتوزيع ، ص ٣٢-٣٥.

٢-مێدیای ئاوێتەبوو (Interaction Media ): لەبەرئەوەی ئینتەرنێت ئەو دەرفەتەی رەخساندووە کە وەرگران بتوانن کارلێک لەگەڵ بابەت مێدیاییەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن و ماڵپەڕەکان بکەن هەربۆیە ناوی مێدیای ئاوێتەبوو لە مێدیای نوێ نراوە.

٣-مێدیای تۆڕیی (Network Media)؛ بەکارهێنانی ئینتەرنێت و بونی بە بەشێک لە پرۆسەی کاری راگەیاندن لە مێدیای نوێدا هەندێک بە مێدیای تۆڕ ناویدەبەن بەو پێیەی لە رێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بڵاودەبێتەوە و پەیامەکانی دەگەیەنێتە وەرگرەکانی و ئەوانیش بە هەمان شێوە سود لەو تۆڕە وەردەگرن بۆ بەشداری لە مێدیا نوێیەکە.

٤-ئامرازە سایبەریەکان (Cyber Mediums)؛ بە واتای ئامرازە ئەلکترۆنییەکان، ئەم ناوەش لە لایەن ویلیام جیبسن داهێنرا کاتێک لە کتێبەکەیدا کە ساڵی ١٩٨٤ بڵاویکردوە؛ مێدیای نوێی بە ناوی مێدیای جیهانی ئەلکترۆنی یان سایبەر وەسفکرد[10].

٥-مێدیای زانیاری( Information Media؛ ) ئەم ناوەش وەک ئاماژەیەکە بۆ تێکەڵبوونی کۆمپیوتەر و ئامرازەکانی راگەیاندن کە لە ئاکامدا مێدیای نوێ لە دایک دەبێت بە سود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای زانیاریەکان.

٦-مێدیای مەڵتیمێدیا ( Multimedia)؛ گوزارشت لە تێکەڵبوونی سەرجەم رەگەزە مێدیاییەکان دەکات وەک تێکست و وێنە و ڤیدیۆ لە یەک کاتدا و لەیەک ئامرازی راگەیاندندا واتە فرە رەگەزی مێدیایی.

٧-مێدیای ئەلکترۆنی(Electronic Media) : مەبەست لێ بە ئەلکترۆنیکردنی مێدیا و دەزگا راگەیاندنە مێدیاییەکانە هەروەها بە ئەلکترۆنیکردنی پەیام و ناوەڕۆکە مێدیاییەکان و گواستنەوەیان بۆ وەرگران لە نمونەی رۆژنامە ئەلکترۆنییەکان.

٨-مێدیای بەشداریکردن(Participatory Media): مێدیای نوێ دەرفەتی بەشداریکردنی خەڵکانی تر بە تایبەت وەرگران دەرەخسێنێت و دەتوانن بە کۆمێنت و سەرنج بەشداری لە ناوەڕۆکە مێدیاییەکاندا بکەن.

٩-مێدیای هونەری (Technical Media): مەبەست لە تەکنیکی واتە لە مێدیای نوێدا چەندان تەکنیکی کۆمپیوتەری و تەکنەلۆژی رۆڵ دەبینن لە بەرهەمهێنان خستنەڕوی بابەتەکاندا و بەهرەی تەکنیکی رۆڵی گرنگی هەیە تێیدا.

١٠-مێدیای جەماوەری خەڵک(Public Media): مەبەست لە مێدیای جەماوەری ئەوەیە کە مێدیای نوێ تەنها بە دەست نوخبەو دەسەڵات و دەزگایەکی دیاریکراوەوە نیە و گشتیە بەو پێیەی خەڵک سەنتەر و مەبەستە نەک گروپ و دەستەبژێرێکی دیاریکراو ئەمەش لە پەیام و ناوەڕۆک و زمانی مێدیای نوێدا رەنگدەداتەوە.

١١-مێدیای هاوڵاتی(Citizen Journalism): ئەم چەمکە لەگەڵ پێشکەوتنی ئینتەرنێتدا لە بواری مێدیادا سەریهەڵدا و مەبەست لێ ئەو هاوڵاتیانەیە کە رۆڵی رۆژنامەنوس دەبینن و هەواڵ دروست دەکەن وێنەی رۆژنامەنوسی دەگرن و بڵاوی دەکەنەوە کە تەنانەت هەندێک جار دەبنە سەرچاوە بۆ دەزگا مێدیاییە گەورەکانیش لە نمونەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

١٢-مێدیای ئینتەرنێتی(Internet Media): مەبەست لە ئاوێزان بوونی تەواوی مێدیای نوێیە بە ئینتەرنێتەوە کە ئینتەرنێت وەک ئامرازێکی سەرەکی و یارمەتیدەر بەکاردێت لە مێدیای نوێدا بە تایبەت لە بڵاوبونەوە و گەیاندنی پەیامدا.

١٣-مێدیای جێگرەوە بەدیل(Alternative Media): هەندێک سەرچاوە مێدیای نوێ بە جێگرەوە و مێدیای بەدیلی مێدیای کلاسیک ئەژمار دەکەن بۆیە چەمکی مێدیای جێگرەوە وەک فۆرمێکی نوێ لە مێدیا هاتۆتە ناو بواری راگەیاندن.

١٤-مێدیای هاوچەرخ مۆدرێن(Modern Media): مێدیای نوێ وەک جۆرێک لە مێدیای هاوچەرخ و سەردەمی تەماشا دەکرێت کە لەوەی پێش خۆی ناچێت و بە کەرەستە و ئامرازی نوێ و پەیامی جیاوازتر کاردەکات بە تایبەت لەوەی لە هەمانکاتدا سەرجەم رەگەزەکان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە و بە دەنگ و رەنگ و تێکست پەیام دەگەیەنێت.

١٥-مێدیای ئۆنلاین(Online Media): وەک ئاماژەیەک بۆ بونی پەیوەندی بەهێزی ئینتەرنێت ئەم چەمکە بەکاردێت کە مێدیای نوێ مێدیایەکە هەمیشە لە رێگەی هێڵی ئینتەرنێتەوە و بە شێوەی ئۆنلاین بابەتەکان بڵاودەکاتەوە و راستەوخۆ و زیندووە لە نمونەی ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان.

باسی دووەم: چەمکی بڕیاری سیاسی

پرۆسەی بڕیاردان رەگەزێکی گرنگ و سەرەکی و کاریگەرە لە بەڕێوەبردنی هەر دامودەزگایەکدا لە هەمانکاتدا پرۆسەیەکی دژوار و ئاڵۆزە بە تایبەت لە بواری سایسییدا[11]. بڕیاری سیاسی بە یەکێکە لە هەرە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیستەی سیاسی و حوکمڕانی دادەنرێت و لە هەمان کاتدا یەکێکە لە هەرە پرۆسە قورس و ئاڵۆزەکانی ئەو بوارە[12]. پرۆسەی دروستکردنی بڕیار نەک تەنها لە بواری سیاسی، بەڵکو لە

---

[10] Gibson, W. (1984). *The seesaw log*. New York: Limelight Editions.

11 Lu, J., Jain, L. and Zhang, G. (2012). Handbook on decision making. Heidelberg: Springer, pp.4-7.

[12] Koch-Baumgarten, Sigrid & Voltmer, Katrin. (2010). Public Policy and Mass Media. The Interplay of Mass Communication and Political Decision Making.page 99-104

بوارەکانی دیکەی وەک بەڕێوەبردن و ئابوری و بوارەکانی دیکەش ڕۆڵی گەورەو کاریگەری هەیە و پرۆسەیەکی دژوار و ئاڵۆزە[13].

(Trewatha & Newport ) بەم شێوەیە پێناسەی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار دەکەن " دروستکردنی بڕیار هەڵبژاردنی باشترین بژاردەیە لە نێو دوو یاخود زیاتر لە بژاردەیەک لە پێناو گەیشتن بە چارەسەری کێشەیەک"[14]. لە هەمانکاتدا فەرهەنگە عەرەبییەکان چەمکی دروستکردنی بڕیار لە ڕوی زمانەوانییەوە پەیوەستدەکەن بە بواری کارگێڕییەوە و وەک ئەرکێکی بەڕێوەبردن دەیناسێنن کە بریتییە لە هەڵبژاردنی ڕێگا و میتۆدێک لە نێوان چەند بژاردەیەکی بەردەستدا[15]. لە ڕووی چەمکەوە دروستکردنی بڕیار وەک پرۆسە وەسفدەکات کە بریتییە لە پرۆسەی بیرکردنەوە بە بونی توانی ئەقڵی باڵا کە بتوانێت لە نێو چەند بڕیار و بژاردەیەکدا باشترین و گونجاوترینیان هەڵبژێرێت یاخود چارەسەری گونجاو بۆ کێشە و گرفتێک دەستنیشان بکات و بڕیاری لە بارەوە بدات[16].

ڕۆبەرت هاریس لە کتێبەکەیدا پێناسەی دروستکردنی بڕیار دەکات بەوەی هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی جیاکردنەوە و هەڵبژاردنی باشترینە لە نێوان بژاردە بەردەستەکاندا و هەروەها دۆزینەوەی چارەسەری گونجاوە بۆ تاک لە دۆخێکی دیاریکراودا بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو.[17] بە هەمان شێوە هەندێک پرۆسەی بڕیاردان دەبەستنەوە بە پرۆسەی هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردنی باشترین ڕێگاچارە بۆ چارەسەری کێشەیەک یاخود بڕیاردان دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو بە شێوازێکی ئەقڵانی و پاش بیرکردنەوە لە سەرجەم بژاردەکان[18].

لە زمانی کوردیدا دروستکردنی بڕیار یاخود وەرگرتنی بڕیار لەبەرامبەر چەمکی (Decision Making) ی زمانی ئینگلیزی و (صنع القرار) ی زمانی عەرەبی بەکاردەهێنرێت. بەڵام دروستکردنی بڕیار لە ڕووی زمانەوانی و لە ڕوی چەمکیشەوە جیاوازە لە بڕیاردان بەو پێیەی لە پێناسەکانی سەرەوەش ڕونبووەوە دروستکردنی بڕیار پرۆسەیەکە کە جیاوازە لە بڕیاردان بە هەمانشێوە لە زمانەکانی دیکەش ئەم جیاوازییە بەدیدەکرێت هەروەک لە زمانی عەرەبی (اخذ القرار) جیاوازە لە (صنع القرار) و لە زمانی ئینگلیزیش (Decision Making) و (Decision Taking) هەیە[19]. بۆیە بە پێویست دەزانرێت جیاوازی لە نێوان ئەو چەمکەدا بکرێت بۆ زیاتر ڕونکردنەوە.

ئاراستەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی

پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی پرۆسەیەکی هەمەلایەن و ئاڵۆزە تەنانەت بە بەراورد بە بڕیاردان لەبەرئەوەی بڕیاردان گوزارشتدەکات لە دەرهاویشتەکانی پەیوەست بە دۆخێکی دیاریکراو، بەڵام پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی پەیوەستە بە هەموو ئەو هەنگاو و بارودۆخانەی کە پەیوەندیدارە بە بارودۆزەکە و هۆکارە کاریگەرەکان و دەرهاویشتە و لێکەوتەکانیش و هەروەها کارلێکی نێوان هۆکار و دەرهاویشتەکانی باردوخۆێکی دیاریکراو[20]. وێرای جیاوازی بۆچون و پێناسەکان دەربارەی چەمکی دروستکردنی بڕیار بە گشتی و دروستکردنی بڕیاری سیاسی بە تایبەتی، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پسپۆڕان و لێکۆڵیارانی بواری زانستی سیاسی سێ ئاراستەی سەرەکییان دیاریکردووە بۆ دروستکردنی بڕیار؛

ئاراستەی یەکەم: هەڵبژاردن لە نێوان بژاردەکاندا:

بە گوێرەی پاڵپشتکەرانی ئەم ئاراستەیە کرۆکی پرۆسەی بڕیاری سیاسی بریتییە لە هەڵبژاردنێکی بەئاگایانە و هۆشمەندانە لە نێوان کۆمەڵێک بژاردەی بەردەستدا بە

[13] Oxfordlearnersdictionaries.com. (2019). *decision-making noun - Definition, pictures, pronunciation and usage notes | Oxford Advanced Learner's Dictionary at OxfordLearnersDictionaries.com*. https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/decision-making?q=decision-making [Accessed 3 Aug. 2019].

[14] Trewatha, R.L., & Newport, M.G. (1982). Management. 3rd ed., Business Publications, 1982, Triantaphyllou, E., Shu, B., Nieto Sanchez, S., & Ray, T. (1998). Multi-criteria decision making: An operations research approach. Encyclopedia of Electrical and Electronics Engineering, 15, 175-186.

5 Team, A. (2019). تعريف و شرح و معنى نموذج اتخاذ القرار بالعربي في معاجم اللغة العربية معجم المعاني الجامع، المعجم الوسيط، اللغة العربية المعاصرة، الرائد، لسان العرب، القاموس المحيط - معجم عربي عربي صفحة 1 [online] Almaany.com. Available at: https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar. [Accessed 9 Sep. 2019].

[16] www.alukah.net. (2019). مفهوم عملية اتخاذ القرار. https://www.alukah.net/culture/0/63677/ [Accessed 9 Sep. 2019].

[17] Harris, R. (2019). *Introduction to Decision Making, Part 1.* [online] Virtualsalt.com. Available at: https://www.virtualsalt.com/crebook5.htm [Accessed 9 Sep. 2019].

18ظافر آل جميلة (29-3-2017)، "مفهوم اتخاذ القرار"، جامعة بابل- كلية الاقتصاد والإدارة، اطّلع عليه بتاريخ 9-9-2019. إقرأالمزيدعلىموضوع.كوم: https://mawdoo3.com/8%B1#cite_ref-DLnLpsprHw_3-1

[19] Jones, P. (2019). *Decision Making and Decision Taking: they are different.* [online] Excitant. Available at: https://www.excitant.co.uk/decision-making-and-decision-taking-they-are-different/ [Accessed 6 Aug. 2019].

[20] ياسين محمد حمد العيثاوي وانس كرم محمد صبحي، صنع القرار السياسي الأمريكي، مجلة مداد الآداب، العدد السابع، ص. 293

ئامانجی زیادکردنی دەستکەوتەکان و خۆلادان یاخود کەمکردنەوەی زەرەروزیان، بۆ نمونە لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا بەشێک لە پێناسەکان لەسەر ئەم بنەمایەن کە دروستکردنی بڕیاری سیاسی ئەو ڕێگایەیە کە لێوەی دەگەینە دارشتنێکی گونجاو بە بەراورد بە بژاردەکانی دیکە، هەموو بڕیارێکیش مەبەست لێی بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی دیاریکراوە بە کەمترین زیان. هەروەک ریچارد سنایدەر دەڵێت دروستکردنی بڕیاری سیاسی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە کە لەڕێگەیەوە چارەسەر بۆ کێشەیەک یاخود بابەتێک هەڵدەبژێردرێت لە نێو چەند بژاردەیەکی دیکەدا کە بڕیاری لێدەدرێت بەمەبەستی جێبەجێکردنی(21). لێرەشەوە دەتوانین بڵێین ئامانج لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی شەن و کەوکردنی هەموو بژاردە بەردەستەکانە کە دەتوانرێت بڕیاریان لێوە بدرێت لە ڕێگەی هەڵبژاردنی یەکێکیانەوە بە ڕەچاوکردنی تێگەیشتن لە سەرجەم ڕەهەندەکانی بابەت و کێشەکە لە پێناو وەرگرتنی بڕیارێکی دروست و گونجاو.

ئاراستەی دووەم: بڕیار بژاردەی بەردەم سەرکردایەتی سیاسییە

پاڵپشتکەرانی ئەم ئاراستەیە جەخت لەوە دەکەنەوە کە سەرکردایەتی سیاسی سەنتەری بڕیارەکانن و پێیانوایە سروشتی دەستەبژێری سیاسی و بەهاکانیان و باڵادەستییان لە کۆمەڵگادا ئەو مافەیان پێدەدات کە خۆیان بڕیار بدەن و هەر خۆشیان بڕیارە گرنگ و چارەنوسسازەکان جێبەجێبکەن لە کۆمەڵگاکانیاندا بەو پێیەی هەموو کۆمەڵگایەک دەستەبژێرێکی سیاسی حوکمیان دەکەن و هەر ئەوانیش بەرژەوەندی و بەها و دیدگاکانیان بۆ دەستنیشان دەکەن و نەک هەر ئەوەندە بەڵکو کاریگەریشییان هەیە بەسەر بژاردەکانی بەردەم ئەو کۆمەڵگایەوە(22).

ئاراستەی سێیەم: تەوافوق و گونجاندن لە نێوان بەرژەوەندییەکان

پێشڕەوانی ئەم ئاراستەیە پێیانوایە سیستمی سیاسی بەرەنجامی کارلێککردنی کۆمەڵێک دامەزراوەیی و ڕەفتاریی پێکەوەگرێدراون بە دروستکردنی بڕیاری سیاسی، هەروەها بڕیاری سیاسی کۆمەڵێک ڕێوشوێنی ئاڵۆز و پێکداچوە بە

[21] Snyder R.C., Bruck H.W., Sapin B. (2002) Decision-Making as an Approach to the Study of International Politics. In: Foreign Policy Decision-Making (Revisited). Palgrave Macmillan, New York

[22] محمد عبد العظيم الشيمي، الوظيفة السياسية لصانع القرار في السياسة الخارجية المصرية،( القاهرة، المكتب العربي للمعارف، ص 25.

ئامانجی سازان لە نێوان بەرژەوەندی و هەڵوێست و بیروبۆچونە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا. ئەم کارلێککردنەش پێویستی بە سازشکردن ( Bargaining ) و دان و ستاندن ( Negotiation ) و ئاشتەوایی ( Compromise ) هەیە لە نێوان کاراکتەرە سیاسییەکان و دامەزراوە سیاسییەکاندا(23). لەم ڕوانگەیەشەوە بڕیاری سیاسی بریتییە لە خەرمانی کارلێکە ڕەسمی و نارەسمییەکانە کە لەسەر بنەمای پێکهاتن لە نێوان سیاسییەکان و دامەزراوەکاندا ڕوودەدات لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیا و ڕۆشنبیری باو لەو کۆمەڵگا و وڵاتەدا بۆ ئەوەی بڕیاری پێویست دروست بکرێت دەربارەی بابەت و کێشەکان.

دەیڤد ئیستۆن ئەرکی سەرەکی سیستمی سیاسی لەوەدە بەرجەستە دەکات کە بریتییە لە دابەشکردنی بەهاکان لە کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی دەسەڵاتدارانە، واتە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە سیاسییەکان زۆرەملێ و ناچارییە و دەسەڵات بە چەند قۆناغێک دەیسەپێنێت کە ئەمانەی خوارەوەن(24):

١- کارتێکەرەکان: بریتییە لەو فشار و کاریگەرییانەی کە سیستمی سیاسی ڕوبەڕوی دەبێتەوە و پاڵپێوەدەنێت بۆ جوڵە و چالاکی. کە دەشێت ئەو فشار و کارتێکەرانە ئەرێنی یاخود نەرێنی بن.

٢- داواکارییەکان: ئەم داواکارییانە لە ڕێگای ساناوە دروست دەبن کە بریتیین لە ڕێگای گروپە بەرژوەندخوازەکان و پارتە سیاسییەکان و سەرڕاکان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەوێشەوە سیستمی سیاسی دەتوانێت بە شێوەیەکی زۆر چالاکانە وەڵامی ئەو داواکارییانە بداتەوە.

٣- پاڵپشتیەکان: بەردەوامی سیستمی سیاسی پشتدەبەستێت بە زامنکردنی لانیکەم لە ئینتیما و پاڵپشتیکردن لەبەرئەوەی لە کاتی کەمبونی پاڵپشتیکردن مانای مەترسیە لەسەر سیستمی سیاسی و هەڕەشەیە لەسەر ژینگەی دەوروبەری سیستەمەکە.

٤- ئاڵوگۆڕکردن و گۆڕانکاری: ئەمەش ئاماژەیە بۆ قبوڵکردنی داواکارییەکان لەلایەن سیستمی یاسادانان و جێبەجێکردن

[23] James Robinson and Richard Snyder,Decision Making in International Politics.in: Herbert Kelman(ed 3) , International Behaviour, (Holt),Rinehart and Winston (New York,1966) , pp. 437

[24] عادل ثابت، النظرية السياسية الحديثة :دراسة للنماذج والنظريات ال يقدمت لفهم وتفس رعالم السياسة،( القاهرة،مكتبة خوارزم، 2002م)، ص 244 - 246.

*Francis Fukuyama, State Building: Governance and World in the Twenty-First Century,( London PROFILE BOOKS LTD), 2004.p.24

*Karl Deutsch, The Nerves of Government: Models of Political

پێش سەرهەڵدانیان لە شێوەی دەرهاویشتەدا. واتە گۆڕانکاری وەک پرۆسەی ڕێکخستن و پۆلێنکردنی داواکارییەکان و دیاریکردنی گرنگیان وایە.

٥- دەرهاویشتەکان: ئەمانیش خۆیان نمایشدەکەن لە شێوەی وەڵامدانەوەی سیستمی سیاسی بۆ داواکارییە ڕاستەقینەکان و هەروەها پێشبینیکراوەکان، بە دەربڕینێکی تر دەرهاویشتەکان بریتیین لە سیاسەتەکان و بڕیارەکان کە پەیوەستن بە دابەشکردنی دەسەڵاتدارانەی سەرچاوەکان.

٦-فیدباک: ئەمەش بە مانای شەپۆلی زانیارییەکانە لە ژینگەی سیاسییەوە بۆ سیستمی سیاسی لە دەرەنجامی کارەکانی خۆیەوە یاخود دەربارەی ئەو لێکەوتانەی کە لە ئاکامی بڕیارە سیاسییەکانەوە دەردەکەون.

کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک نەوەی دووەمی مێدیای نوێ ڕۆڵ و کاریگەری گەورەیان بەسەر زۆرێک لە ڕووداوەکانی دوو دەیەی ڕابردودا هەبووە. هەڵبژاردنی باراک ئۆباما لە ساڵی ٢٠٠٨ و شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی لە ساڵی ٢٠١١و کودەتا سەرنەکەوتوەکەی تورکیا لە ساڵی ٢٠١٥ و خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠١٩ ی لوبنان و عێراق و هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپ و ڕیفرەندمی برێکزیت لە ساڵی ٢٠١٦ لە نمونە دیارەکانی کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەک تویتەر و فەیسبوکن لەسەر سیاسەت کە کاریگەریان لەسەر بڕیارەکان کردووە و گۆڕانکاریان دروستکردووە. وەک دەوترێت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە دەیەی ڕابردوودا ڕاستی چەمکی 'گوندی جیهانی' یان لەسەر ئەرزی واقیع سەلماند ئەوەش کاتێک لە ساڵی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو تیۆریستی بواری کۆمۆنیکەیشن مارشاڵ ماکلۆهان بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن چەمکی گوندی جیهانی یان گەردوونی بەکارهێنا[25]. دواتریش ڕۆژنامەنوس و نوسەری بەناوبانگی ئەمریکی تۆماس فریدمان چەمکی 'زەوی تەخت' ی بەکارهێنا کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٥ لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز وتی کۆمۆپیوتەرە کەسییەکان و خێرایی ئینتەرنێتی فایبەر ئۆپتیک بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان وادەکات کە شۆڕشێک بەرپابێت کە سنورەکانی کات و بۆشایی نەهێڵێت[26]. ئەو دو بۆچونە لە ئێستادا لە سایەی پەرەسەندنی خێرای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بوەتە ڕاستییەکی جێگیرو بەرچاو. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تەنها ئێستا خۆیان ڕەگەزێکی سەرەکی پێشکەوتنی بواری کۆمۆنیکەیشن و تەکنەلۆژیای زانیارین. هاوشێوەی ماڵپەرەکان و داهێنراوەکانی دیکەی بواری مێدیای نوێ، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش کاریگەری زۆریان لەسەر بواری سیاسەت بەگشتی و پرۆسەی دروستکردنی بڕیار دروستکردووە.

لە سەردەمی ئەمرۆدا و بە هاتنی مۆبایلە هۆشمەندەکان، بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتربووە و تۆڕەکانی وەک فەیسبوک، تویتەر و ئینستاگرام کارئاسانی بۆ خەڵک دەکات لە پەیوەندیکردن بە هاوڕێکانیان و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان لەگەڵ کەسانی دیکە. ئەم کاریگەرییە لە بواری کۆمەڵایەتیەوە درێژ بوەتەوە بۆ بواری سیاسی و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری خەڵک لە هەڵبژاردن و پەسەندکردنی کەسایەتی و بەرنامە سیاسییەکان هەیە. لە ئێستادا کەسایەتییە سیاسییەکان و پارتە سیاسییەکانیش بە شێوەیەکی زۆر پشت بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستن لە گەیاندنی بەرنامەی سیاسی و بانگەشەی هەڵبژاردن و پەیوەندی دروستکردن بە دەنگدەران و جەماوەرەکەیانەوە[27]. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە چەند بوارێکدا ڕۆڵیان هەیە لە کاریگەری خستنەسەر پرۆسەی سیاسیی و دروستکردنی بڕیاری سیاسی لەوانە[28]:

1- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک مێدیایەکی جێگرەوە لەلایەن پارت و کەسایەتییە سیاسییەکانەوە بەکاردێت بۆ گەیشتن بە جەماوەر و دەنگدەرانیان. ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی ئەژماری تایبەت و لاپەڕەکان لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە دەکرێت ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دەنگدەرانیانەوە بکەن و پەیام و بەرنامەی خۆیان بگەیەنن. کە ئەمەش بە پێچەوانەی مێدیای نەریتی پەیوەندیکە دوو ئاراستەیەوە دەکرێت بۆچون و ڕای خەڵک و جەماوەریش بزانن دەربارەی بڕیار و هەنگاوەکانیان لە ڕێگەی نامە و سەرنج و کۆمێنت و پەیوەندی ڕاستەوخۆوە لە بری بینین و ئامادەبون لە کۆبونەوە جەماوەرییەکان.

2- ئەو ڕاپرسیانەی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەکرێت سەبارەی بە بابەتێکی دیاریکراو و ئەنجامەکەی

[25] Livinginternet.com. (2019), Marshall McLuhan, The Global Village https://livinginternet.com/i/ii_mcluhan.htm [Accessed 7 Sep. 2019].

[26] Nytimes.com. (2019), It's a Flat World, After All. https://www.nytimes.com/2005/04/03/magazine/its-a-flat-world-after-all.html [Accessed 4 Aug. 2019].

[27] Sysomos. (2019), How Social Media Affects Politics https://sysomos.com/2016/10/05/social-media-affects-politics/ [Accessed 23 April. 2019].

[28] Sysomos. (2019), How Social Media Affects Politics https://sysomos.com/2016/10/05/social-media-affects-politics/ [Accessed 13 Nov. 2019].

دەکرێت یارمەتیدەر بێت بۆ سیاسییەکان و پەرلەمانتاران بۆ ئەوەی بەرچاو روونیان بداتێ دەربارەی ئەو بابەتە کە هەتا چەند خەڵک لای پەسەندە یاخود نا. هەڵبەت ئەمەش بێ کەموکوڕی نییەو هەندێک جار دەنگدان و راپرسیەکە لە نێو ئەژمار و پەیجێک دەکرێت کە زۆرینەی ئەو کەسانە نزیکن لە ئاراستەی ئەو ئەژمارە و رەنگە ئەنجامەکە زۆر ورد نەبێت.

3- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت ببنە سەرچاوەی هەواڵ بۆ سیاسی و کاربەدەستان و لەوێوە بتوانن زانیاری و هەواڵەکان وەربگرن لەوەی چی دەگوزەرێت بە بێ ئەوەی لە مێدیاکانەوە فلتەر و سانسۆر کرابن ئەمەش وا دەکات زۆرترین زانیاری بەدەستبهێنێت. بەڵام ئەمەش بێ کەموکورتی نیەو دەبێت زانیاری و هەواڵەکان پشتراستبکرێنەوە و هەواڵ ساختە نەبن Fake news کە بریتییە لەو هەواڵ و زانیاریانەی کە هیچ سەرچاوەیەک پشتراستی نەکردونەتەوە و بنەمایەکی راستیان نییە. ئەوە جگە لە وێنە و ڤیدیۆی دەستکاریکراو و مۆنتاژکراو کە دەکرێت بە مەبەستێکی دیاریکراو بڵاوبکرێنەوە و بنەمای راستیان نەبێت.

4- کەمپەین و هەڵمەتەکانی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت یارمەتیدەربن بۆ سیاسییەکان و لەوێوە بتوانن تا رادەیەکی باش پێوانەی رایگشتی بکەن کە بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان چ بۆچونێکیان هەیە دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو کە زۆرجار خۆڕسکانە خەڵک و چالاکانی مەدەنی لە رێگەی ئەم تۆڕانەوە هەڵمەت و هاشتاگ رادەگەیەنن بۆ گەیاندنی را و بۆچونیان بە دەسەڵاتداران لە پێناو کارکردنە سەر بڕیارەکانیان دەربارەی کێشەیەکی دیاریکراو.

5- بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وەک ئامرازێکی پەیوەندی گشتی بە مەبەستی گەیاندنی پەیام و بیرۆکە نوێیەکان بە سیاسیەکانی دیکەو مێدیا و جەماوەر کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کەسی سیاسی بتوانێت زۆرترین زانیاری دەربارەی کێشە و بابەتە گرنگەکان ئاڵوگۆڕ و هاوبەشی پێبکات پێش بڕیاردان لەسەریان و وەرگرتنەوەی فیدباک دەربارەی هەر بڕیارێک کە پێشتر داویەتی بە مەبەستی پێداچونەوەی[29].

لایەنی مەیدانی توێژینەوە

یەکەم : ئاستی کاریگەری گۆڕاوە کەسییەکان لەسەر رادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە مێدیای نوێ

١- تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی توخم لەسەر رادەی پشت بەستنی پەرلەمانتاران.

خشتە (1)

بەهای (T) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی توخم لەسەر رادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە مێدیای نوێ

[29] ThoughtCo, (2019), Social Media in Politics - Twitter and Facebook as Campaigns Tools, : https://www.thoughtco.com/how-social-media-has-changed-politics-3367534 [Accessed 13 Nov. 2019].

| ڕەگەز | ژ | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | بەهایT |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 67 | 3.69 | 0.908 | 98 | 0.363 | 0.914 |
| مێ | 33 | 3.82 | 0.528 | | | |

بە گوێرەی ئەنجامەکانی ڕاپرسیی توێژینەوەکە وەک لە خشتەی ژمارە 1 دا دەردەکەوێت ڕێژەی ٦٧٪ ی پەرلەمانتارانی نێر و ڕێژەی ٣٣٪ ی پەرلەمانتارانی مێ وەڵامیان داوەتەوە لە کۆی ١٠٠ پەرلەمانتار کە وەڵامی فۆرمی ڕاپرسییەکەیان داوەتەوە. ئەم ڕێژانە نزیکن لە ڕێژە و ژمارەی تەواوی پەرلەمانتارانی کوردستان کە کۆی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان ١١١ پەرلەمانتارەو لە ژمارەیەش ٧٤ یان ڕەگەزی نێر و ٣٧ یان لە ڕەگەزی مێن کە بە گوێرەی سیستمی کۆتای هەڵبژاردنەکان دەبێت لە بەرامبەر هەردوو پیاوێک ژنێک ببێتە ئەندامی پەرلەمان بە ڕێژەی سێ یەک.

هەروەها وەک لە خشتەکەدا دیارە، ئاستی بەڵگەداری زیاترە لە ٠.٠٥ بە واتای ئەوەی جیاوازیی کاریگەری ڕەگەز لەسەر ڕادەی پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە مێدیای نوێ زۆر کەمە و تارادەیەکی باش نزیکن لە یەک وەک لە ناوەندەژمێرەکەدا دیارە جیاوازیەکی ئەوتۆیان نییە نێر و مێ لە ئاستی پشت بەستن بە مێدیای نوێ بە بەهای T ٠.٩١٤. واتە ڕەگەزی پەرلەمانتاران جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لە پشت بەستنتان بە مێدیای نوێ.

خشتە (2)

پێوەری (کروسکاڵ) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی تەمەن لەسەر ڕادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە مێدیای نوێ

| تەمەن | ژ | ناوەندی ریزبەندی | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | کا2 |
|---|---|---|---|---|---|
| 34-25 | 20 | 55.03 | 3 | 0.567 | 2.024 |
| 44-35 | 35 | 51.59 | | | |
| 54-45 | 36 | 46.07 | | | |
| -55 | 9 | 53.94 | | | |

بە گوێرەی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە 2 کە تایبەتە تەمەنی پەرلەمانتاران و کاریگەری لەسەر رادەی پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە مێدیای نوێ؛ تەمەنی نێوان ٤٥-٥٤ ساڵ زۆرترین رێژەی بەدەستهێناوە کە ٣٦٪ یە و لە دوای ئەویش تەمەنی نێوان ٣٥-٤٤ ساڵ بە رێژەی ٣٥٪ لە پلەی دووەمدایە و تەمەنی ٢٥-٣٤ ساڵ پلەی سێیەمە بە رێژەی ٢٠٪ و سەروو ٥٥ ساڵیش رێژەی ٩٪ ی پەرلەمانتارانی کوردستان پێکدەهێنێت.

وەک لە خشتەکەدا دیارە، ئاستی بەڵگەداری زیاترە لە ٠.٠٥ بە واتای کەمی جیاوازی تەمەنی پەرلەمانتاران بۆ ئاستی پشت بەستن بە مێدیای نوێ و نزیکن لە یەک بە کا2 2.024 و ناوەندی ریزبەندی (mean rank)ی دەستەکان تەمەنی ٢٥-٣٤ بەرزترین ناوەندی ریزبەندی هەیە کە ٥٥.٠٣ یە واتە ئاستی پشت بەستنیان بە مێدیای نوێ زیاترە لە دەستەکانی دیکە کە گەنجترین دەستەی پەرلەمانتارانن و تەمەنیان کەمترە لە ٣٥ ساڵ زیاتر پشت بە مێدیای نوێ دەبەستن لە راییکردنی کارەکانیاندا. بە دوای ئەویش تەمەنی ٥٥ ساڵ بەرەوژوور کە ناوەندی ریزبەندی ٥٣.٩٤ ی هەیە کە بە پلەی دووەم دێت لە پشت بەستنیان بە مێدیای نوێ. هەروەها دەستەی ٣٥-٤٤ ساڵ بە ئاستی ناوەندی ریزبەندی ٥١.٠٣ و کۆتا دەستەش ٤٥-٥٤ ساڵە بە ئاستی ٤٦.٠٧ واتە کەمتر پشت بە مێدیای نوێ دەبەستن لە کارەکانیاندا.

**خشتە (3)**

پێوەری (کروسکاڵ) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی بڕوانامە لەسەر رادەی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە مێدیای نوێ

| بڕوانامە | ژ | رێژە | ناوەندی ریزبەندی | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | کا2 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرەتایی | - | - | - | 5 | 0.325 | 5.814 |
| ناوەندی | 4 | ٪4 | 5038. | | | |
| ئامادەیی | 8 | ٪8 | 62.44 | | | |
| دبلۆم | 15 | ٪15 | 3340. | | | |
| بەکالۆریۆس | 49 | ٪49 | 4352. | | | |
| ماستەر | 15 | ٪15 | 48.83 | | | |
| دکتۆرا | 9 | ٪9 | 4454. | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە 3 دا دەردەکەوێت ئەنجامەکانی راپرسییەکە تایبەت بە بڕوانامەی پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان، هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس پلەی یەکەمیان بەدەستهێناوە بە رێژەی ٤٩٪ و بە دوای ئەویش هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دبلۆم بە رێژەی ١٥٪ دواتر دکتۆرا بە رێژەی ٩٪ و ئامادەیی ٨٪ و ناوەندی بە رێژەی ٤٪ لە پلەی کۆتاییدایە. بە گوێرەی ئەم ئەنجامە زیاتر لە نیوەی پەرلەمانتاران هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بەرەو سەرن کە ئەوەش رێژەیەکی باش و بەرزە.

هەرچی تایبەت بە کاریگەری گۆڕاوی بڕوانامە بە رادەی پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە مێدیای نوێ وەک لە خشتەکەدا دیارە بە پێی پێوەری کروسکاڵ دەردەکەوێت بڕوانامەی ئامادەیی بەرزترین ئاستی هەیە کە بریتییە لە ٦٢،٤٤ و ئەمەش بە واتای ئەوەی ئەم دەستەیە زیاتر پشت بە بەکارهێنانی مێدیای نوێ دەبەستن بە دوای ئەویش دکتۆرا بە ٥٤،٤٤ و پاشان بەکالۆریۆس بە ٥٢،٤٣ و ماستەر ٤٨،٨٣ و دبلۆم ٤٠،٣٣ و هەروەها ناوەندی ٣٨،٥٠.

ئەمەش ئاماژەی ئەوەیە کە بڕوانامە کاریگەری و جیاوازی ئەوتۆی دروست نەکردووە لە رادەی پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە مێدیای نوێ. وەک دەردەکەوێت ئاستی بەڵگەداری ٠.٣٢٥ کە ئەگەرچی زیاترە لە ٠.٠٥ بەڵام ئاستی بەڵگەداری هەر یەک لە دەستەکانی بڕوانامە نزیکن لە یەک بە واتای ئەوەی کاریگەری بڕوانامە لەسەر پشتبەستن جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لە پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە مێدیای نوێ.

**خشتة (4)**

بةهاي (ANOVA)بۆ تاقيكردنةوةي ئاستي كاريطةري طۆراوي تةمةن لةسةر ثشتبةستني ثةرلةمانتاران بة ميدياي نويَ لةسةر هةر سيَ ئاستي (زانياري، ويذداني، رِةفتاري)

| كاريگەرییەكان | تەمەن | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | بەهایF |
|---|---|---|---|---|---|---|
| زانیاری | 34-25 | 29.50 | 5.237 | 3 | 0.134 | 1.907 |
| | 44-35 | 30.60 | 4.292 | | | |
| | 54-45 | 28.92 | 6.708 | 96 | | |
| | 55- | 33.56 | 4.851 | 99 | | |
| ویژدانی | 34-25 | 30.40 | 4.083 | 3 | 0.885 | 0.216 |
| | 43-35 | 29.74 | 4.039 | | | |
| | 54-45 | 29.56 | 4.925 | 96 | | |
| | 55- | 30.44 | 4.558 | 99 | | |
| ڕەفتاری | 34-25 | 45.55 | 7.119 | 3 | 0.628 | 0.583 |
| | 43-35 | 45.09 | 6.055 | | | |
| | 54-45 | 44.53 | 9.506 | 96 | | |
| | 55- | 48.33 | 7.937 | 99 | | |

وەک لە خشتەی ژمارە 4 دا دەرکەوتووە بەهای ئەنۆڤا بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی تەمەن لەسەر پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە مێدیای نوێ بەم شێوەیەیە بۆ ئاستی زانیاری بەهای (F) ١.٩٠٧ یە بە ئاستی بەڵگەداری ٠.١٣٤ کە زیاترە لە ٠.٠٥ واتە جیاوازی تەمەنی پەرلەمانتاران هیچ جیاوازی دروست نەکردووە لە پشت بەستنیان بە مێدیای نوێ بۆ لایەنی زانیاری.

لێرەدا لادانی پێوەری بۆ تەمەنی ٢٥-٣٤ ساڵ بریتییە لە ٥.٢٣٧ و ناوەندە ژمێرە ٢٩.٥٠. هەروەها تەمەنی ٣٥-٤٤ ساڵ لادانی پێوەری ٤.٢٩٢ و ناوەندە ژمێرەی ٣٠.٦٠. ٤٥-٥٤ ساڵ لادانی پێوەری ٦.٧٠٨ و ناوەندە ژمێرەی ٢٨.٩٢ و سەروو ٥٥ ساڵیش لادانی پێوەری ٤.٨٥١ و ناوەندە ژمێرەی ٣٣.٥٦.

بۆ لایەنی ویژدانی بەهای (F) ٠.٢١٦ یە بە ئاستی بەڵگەداری ٠.٨٨٥ کە زیاترە لە ٠.٠٥ واتە جیاوازی تەمەنی پەرلەمانتاران هیچ جیاوازی دروست نەکردووە لە پشت بەستنتان بە مێدیای نوێ بۆ لایەنی ویژدانی. لێرەدا لادانی پێوەری بۆ تەمەنی ٢٥-٣٤ ساڵ بریتییە لە ٤.٠٨٣ و ناوەندە ژمێرە ٣٠.٤٠. هەروەها تەمەنی ٣٥-٤٤ ساڵ لادانی پێوەری ٤.٠٣٩ و ناوەندە ژمێرەی ٢٩.٧٤. ٤٥-٥٤ ساڵ لادانی پێوەری ٤.٩٢٥ و ناوەندە ژمێرەی ٢٩.٥٦ و سەروو ٥٥ ساڵیش لادانی پێوەری ٤.٥٥٨ و ناوەندە ژمێرەی ٣٠.٤٤.

هەرچی تایبەتە بە لایەنی رەفتاری وەک لە خشتەی ژمارە 4 دا رونکراوەتەوە؛ بەهای (F) بریتییە لە ٠.٥٨٣ و ئاستی بەڵگەداری ٠.٦٢٨ کە زیاترە لە ٠.٠٥ و ئەمیش ئاماژەیە بۆ نەبوونی جیاوازی و کاریگەری تەمەنی پەرلەمانتاران لەسەر پشت بەستنیان بە مێدیای نوێ بۆ لایەنی رەفتاریی.

لێرەدا لادانی پێوەری بۆ لێرەدا لادانی پێوەری بۆ تەمەنی ٢٥-٣٤ ساڵ بریتییە لە ٧.١١٩ و ناوەندە ژمێرە ٤٥.٥٥. هەروەها تەمەنی ٣٥-٤٤ ساڵ لادانی پێوەری ٦.٠٥٥و ناوەندە ژمێرەی ٤٥.٠٩. ٤٥-٥٤ ساڵ لادانی پێوەری ٩.٥٠٦ و ناوەندە ژمێرەی ٤٤.٥٣ و سەروو ٥٥ ساڵیش لادانی پێوەری ٧.٩٣٧و ناوەندە ژمێرەی ٤٨.٣٣.

هۆکاری نەبوونی جیاوازی یان کەمی جیاوازی لە تەمەنی پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان لە پشت بەستنیان بە مێدیای نوێ ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی یەکساندا پشت بە مێدیای نوێ دەبەستن لە راپەراندنی کارەکانیاندا بە بێ جیاوازی تەمەنیان ئەوەش ئاماژەی ئەوەیە مێدیای نوێ و مێدیا کۆمەڵایەتییەکان بونەتە ئامرازێکی پێویست بۆ کاری پەرلەمانی و بە نزیکەیی هەموویان لە یەک ئاستدا گرنگی پێدەدەن و بەکاریدەهێنن.

**خشتەی (5)**

ئاستی کاریگەری میدیای نوێ لە کاریگەری خستنەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتاران

| | هەمیشە | | زۆر | | هەندێک جار | | کەم | | هەرگیز | | ن | ڕیزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | | | |
| 1-میدیا کۆمەڵایەتیەکان وا دەکات ئاسانتر لە پەیوەندیدا بم لەگەڵ خەڵک | 32 | 32 | 49 | 49 | 18 | 18 | 1 | 1 | - | 0 | 4.12 | 1 | زۆر |
| 2-مێدیا کۆمەڵایەتیەکان کارئاسانی دەکات لە چاودێریکردنی حکومەت | 4 | 4 | 39 | 39 | 34 | 34 | 20 | 20 | 3 | 3 | 3.21 | 10 | بێلایەن |
| 3- مێدیا کۆمەڵایەتیەکان کارئاسانی دەکات لە پرۆسەی یاسادانان | 3 | 3 | 31 | 31 | 27 | 27 | 24 | 24 | 15 | 15 | 2.83 | 13 | بێلایەن |
| 4-مێدیا کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنم بۆ گوزراشتکردن لە بۆچونەکانم | 24 | 24 | 39 | 39 | 23 | 23 | 14 | 14 | - | 0 | 3.73 | 5 | زۆر |
| 5- مێدیا کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنم بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکیەکانم | 38 | 38 | 39 | 39 | 18 | 18 | 5 | 5 | - | 0 | 4.10 | 2 | زۆر |
| 6-کۆمێنت و نامەکان دەخوێنمەوە و وەڵامیان دەدەمەوە | 28 | 28 | 47 | 47 | 15 | 15 | 10 | 10 | - | 0 | 3.93 | 3 | زۆر |
| 7-هەڵمەتی مێدیا کۆمەڵایەتیەکان وادەکات باشتر بەرەنگاری گەندەڵی ببمەوە | 14 | 14 | 47 | 47 | 26 | 26 | 8 | 8 | 5 | 5 | 3.57 | 6 | زۆر |
| 8-مێدیا کۆمەڵایەتیەکان وادەکات باشتر خۆم ئامادەبکەم بۆ گفتوگۆی یاساکان | 4 | 4 | 46 | 46 | 30 | 30 | 14 | 14 | 6 | 6 | 3.28 | 8 | بێلایەن |
| 9-مێدیا کۆمەڵایەتیەکان واناکات بتوانم بڕیاری جیاوازتر بدەم | 19 | 19 | 18 | 18 | 37 | 37 | 22 | 22 | 4 | 4 | 3.26 | 9 | بێلایەن |
| 10- مێدیا کۆمەڵایەتیەکان وادەکات گفتوگۆی زیاتر بکەم لەگەڵ هاوکارەکانم | 7 | 7 | 45 | 45 | 32 | 32 | 11 | 11 | 5 | 5 | 3.38 | 7 | بێلایەن |
| 11- مێدیا کۆمەڵایەتیەکان وادەکات باشتر سەرنجەکانم لە پەرلەمان بخەمەڕوو | 1 | 1 | 42 | 42 | 36 | 36 | 14 | 14 | 7 | 7 | 3.16 | 11 | بێلایەن |
| 12- مێدیا کۆمەڵایەتیەکان وادەکات بەشداری کۆبونەوە جەماوەرییەکان بکەم | 3 | 3 | 28 | 28 | 37 | 37 | 20 | 20 | 12 | 12 | 2.90 | 12 | بێلایەن |
| 13- مێدیا کۆمەڵایەتیەکان وادەکات پشتگیری لە داواکارییەکانی خەڵک بکەم | 23 | 23 | 45 | 45 | 23 | 23 | 7 | 7 | 2 | 2 | 3.80 | 4 | زۆر |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 3.48 | زۆر | |
| بەهای T 68.195 | نمرەی ئازادی 99 | | ئاستی بەڵگەداری 0.000 | | ناوەندی خشتەیی 45.27 | | ناوەندی گریمانە 39 | | | | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە 5 دا دەردەکەوێت سەبارەت بە ئاستی کاریگەری مێدیای نوێ لە کاریگەری خستنەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتاران؛ بە شێوەیەکی گشتی بۆ کۆی بڕگەکان ناوەندە ژمێرەی خشتەیی بریتییە لە ٤٥.٢٧ کە بە بەراورد بە ناوەندەژمێرەیی گریمانەیی کە بریتییە لە ٣٩ با ئاستێکی باش بەرزترە. ئەوەش بە پێی پێوەری لیکارتی پێنجی واتا ئاستی پشت بەستنەکە بە ئاراستەی زۆرجارە بە ناوەندە ژمێرەی ٣.٤٨ و ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٠٠ کە کەمترە لە ٠.٠٠٥ بەوەش مانای کاریگەری دەێت لەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتاران.

هەروەها ئەنجامی خشتەکە ئەوە نیشاندەدات کە پەرلەمانتاران دەڵێن زۆرجار پشتبەستنیان بە مێدیای نوێ کاریگەری دەبێت لەسەر لایەنی ویژدانییان و گۆڕانکاری دروست دەکات. ئەوەش ئاماژەی زۆری کاریگەریی بەکارهێنان و پشتبەستنە بە مێدیای نوێ لەسەر لایەنی رەفتارییان. لێرەدا بەهای T بریتییە لە ٦٨.١٩٥ بە نمرەی ئازادی ٩٩.

بڕگەی (مێدیا کۆمەڵایەتییەکان وادەکات ئاسانتر لە پەیوەندیدابم لەگەڵ خەڵک) بە ناوەندە ژمێرەی ٤.١٢ پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە لە نێو کۆی بڕگەکانی دیکەی تایبەت بە کاریگەری مێدیای نوێ لەسەر رەفتاری پەرلەمانتارانی کوردستان. لە پلەی یەکەمدا پەرلەمانتاران بژاردەی زۆرجاریان هەڵبژاردووە بە رێژەی ٤٩٪. لە پلەی دووەمدا بڕگەی هەمیشەیان هەڵبژاردووە بە رێژەی ٣٢٪ هەروەها بژاردەی هەندێکجار لە پلەی سێیەمدا دێت بە رێژەی ١٨٪ و بژاردەی کەمجار لە پلەی چوارەم دێت بە رێژەی ١٪ و هیچ کام لە پەرلەمانتارەکان بڕگەی هەرگیزیان هەڵنەبژاردووە. بە پێی پێوەری لیکارت ئاراستەی بڕگەکە بەرەو بژاردەی زۆرجار چووە بە بەهێزی.

بە گوێرەی ئەم ئەنجامانە دەردەکەوێت کە مێدیا کۆمەڵایەتییەکان لە ئەمڕۆدا لە هەرێمی کوردستان بونەتە هۆکارێکی بەشی پەیوەندیکردن لە نێوان پەرلەمانتاران و هاوڵاتیان و کارئاسانی زۆری لەم بوارەدا کردووە. ئەوەش ئەنجامێکی ئاساییە بەو پێیەی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا مێدیا کۆمەڵایەتییەکان کارئاسانی زۆریان کردووە بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان تاکەکان و هەروەها خەڵک لەگەڵ پەرلەمانتاران.

بە گوێرەی ئەنجامەکان نزیکەی نیوەی پەرلەمانتاران دەڵێن زۆرجار مێدیا کۆمەڵایەتییەکانی هاوشێوەی فەیسبوک و ئنستاگرام و ئەوانی دیکە وا دەکەن ئاسانتر پەیوەندی بە خەڵکەوە بکەن و خەڵک پەیوەندییان پێوە بکات ئەویش لە رێگەی ئەژمار و لاپەڕە تایبەتەکانیانەوە.

هەروەها نزیکەی سێ یەکی پەرلەمانتاران دەڵێن هەمیشە ئەو مێدیایانە کارئاسانی دەکات بۆ بوونی پەیوەندی لە نێوان ئەوان و خەڵک. هیچ پەرلەمانتارێک نییە کە هەرگیز مێدیای کۆمەڵایەتی بۆ پەیوەندیکردن بەکار نەهێنێت و ١٨٪ یان هەندێک جار بە هۆکاری کارئاسانی دەزانن بە مەبەستی پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵک. واتا بە شێوەیەکی گشتی بە ئاستێکی زۆر پەرلەمانتارانی کوردستان مێدیا کۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازی پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵک تەماشا دەکەن. مێدیا کۆمەڵایەتییەکان ئاسان بەکاردێن و بەردەستن لای زۆربەی خەڵک و پەرلەمانتاران. ئەوەش کارئاسانی دەکات لە رێگەی پەیوەندی دەنگی و نامە و کۆمێنت و سەرنجەکانەوە هاوڵاتیان و پەرلەمانتاران پێکەوە ببەستێتەوە. ئەمەش کاریگەری مێدیا کۆمەڵایەتییەکان نیشاندەدات لەسەر رەفتاری پەرلەمانتاران.

بڕگەی (مێدیا کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنم بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکیەکانم) بە ناوەندە ژمێرەی ٤.١٠ پلەی دووەمی بەدەستهێناوە لە نێو کۆی بڕگەکانی دیکەی تایبەت بە کاریگەری مێدیای نوێ لەسەر رەفتاری پەرلەمانتارانی کوردستان. کە بەپێی پێوەری لیکارت ئاستی کاریگەرییەکەی زۆرە. لە نێو بڕگەکاندا زۆرجار پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە بە رێژەی ٣٩٪ و لە پلەی دووەمیشدا بڕگەی هەمیشە دێت بە رێژەی ٣٨٪. لە پلەی سێیەمدا بڕگەی هەندێکجار دێت بە رێژەی ١٨٪ و کەمجاریش بە رێژەی ٥٪ لە پلەی چوارەم دێت. شایانی باسە هیچ پەرلەمانتارێک بڕگەی هەرگیزی هەڵنەبژاردووە.

بە گوێرەی ئەم ئەنجامانە پەرلەمانتاران بە ئاستێکی زۆر مێدیا کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانیان. ئەمەش ئاماژەیەکی روونە کە پەرلەمانتاران بە ئاستێکی بەرز پشتدەبەستن بە مێدیا کۆمەڵایەتییەکان. ئەویش لە رێگەی ئەژمار و لاپەڕەکانی خۆیان بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانیان بۆ خەڵک.

مێدیا کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی ئێستادا تا رادەیەکی زۆر بونەتە جێگرەوەی مێدیای نەریتی و زۆرێک لە سیاسییەکان بەکاریدەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی کار و چالاکییەکانیان بە شێوەیەکی ئاسان و خێرا بە بێ سانسۆر. لە هەرێمی کوردستانیش پەرلەمانتاران سود لە مێدیا کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرن بۆ بڵاوکردنەوەی کارو چالاکییەکانیان بە ئاستێکی زۆر هەتا خەڵک و دەنگدەرانیان لە کارەکانیان ئاگاداربن. بە واتایەکی دیکە مێدیا کۆمەڵایەتییەکان وایکردووە پەرلەمانتاران سودی لێوەربگرن و وەک مێدیایەک بۆ بڵاوکردنەوەی کارەکانیان سودی لێوەربگرن.

بڕگەی (کۆمێنت و نامەکانی خەڵک دەخوێنمەوە و وەڵامیان دەدەمەوە) بە ناوەندە ژمێرەی ٣.٩٣ پلەی سێیەمی بەدەستهێناوە لە نێو کۆی بڕگەکانی دیکەی تایبەت بە کاریگەری مێدیای نوێ لەسەر رەفتاری پەرلەمانتارانی کوردستان. بە گوێرەی پێوەری لیکاری ئەم ئەنجامە بە ئاراستەی زۆر چووە لە رووی کاریگەری. لە پلەی یەکەمدا پەرلەمانتاران بژاردەی زۆرجاریان هەڵبژاردووە بە رێژەی ٤٧٪ و لە پلەی دووەمیشدا بژاردەی هەمیشە بە رێژەی ٢٨٪. هەروەها بژاردەی هەندێکجار لە پلەی سێیەم دێت بە رێژەی

١٥٪ و بژاردەی کەمجار لە پلەی چوارەم دێت بە ڕێژەی ١٠٪. جێگەی ئاماژەپێدانە هیچ کام لە پەرلەمانتاران بڕگەی هەرگیزیان هەڵنەبژاردووە.

بە گوێرەی ئەم ئەنجامانەی لە خشتەی ژمارە 5 دا هاتووە؛ پەرلەمانتارانی کوردستان بە گشتی و بە ڕێژەی جیاواز کاریگەر دەبن بەو کۆمێنت و نامانەی لەلایەن خەڵکەوە پێیان دەگات لە ڕێگەی مێدیا کۆمەڵایەتییەکانەوە. زۆربەیان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە وەڵامی ئەو نامە و کۆمێنتانە دەدەنەوە کە لە لایەن خەڵکییەوە بۆیان دەنوسرێت. ئەمەش ئاماژەی بەرزی گرنگی مێدیا کۆمەڵایەتییەکانە وەک ئامرازی گەیاندن و پەیوەندی نێوان خەڵک و پەرلەمانتاران. بە جۆرێک خەڵک پرسیار و سەرنج و داواکارییەکانی بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ بۆ پەرلەمانتاران دەنێرێت و ئەوانیش وەڵامیان دەدەنەوە وەک خۆیان ئاماژەیان پێداوە.

لە لایەکی دیکەشەوە ئەم ئەنجامە ئەوە دەخاتەڕوو کە مێدیای نوێ و مێدیا کۆمەڵایەتییەکان وەک مێدیایەکی ئاوێتەبوو توانیویانە ببنە پردی پەیوەندی نێوان خەڵک و پەرلەمانتاران. پەرلەمانتارانیش ڕاستەوخۆ لە پەیوەندیدا دەبن لەگەڵ خەڵک و وەڵامیان دەدەنەوە وەک خۆیان ئاماژەیان بۆ کردووە. ئەمەش مانای دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتاران لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی سەرنج و داواکاری و پرسیارەکانی خەڵک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

بڕگەی (مێدیا کۆمەڵایەتیەکان وادەکات پشتگیری لە داواکارییەکانی خەڵک بکەم) بە ناوەندە ژمێرەی ٣.٨٠ پلەی چوارەمی بەدەستهێناوە لە نێو کۆی بڕگەکانی دیکەی تایبەت بە کاریگەری مێدیای نوێ لەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتارانی کوردستان. بە گوێرەی پێوەری لیکارت ئەم بڕگەیە ئاستی کاریگەرییەکەی زۆرە. لە پلەی یەکەمدا بەرتوێژان بژاردەی زۆرجاریان هەڵبژاردووە بە ڕێژەی ٤٥٪. بژاردەی هەمیشە و هەندێک جار بە ڕێژەی ٢٣٪ لە پلەی دووەمدان. بژاردەی کەمجار لە پلەی چوارەم دێت بە ڕێژەی ٧٪ هەروەها بژاردەی هەرگیز لە پلەی پێنجەم دێت بە ڕێژەی ٢٪.

وەک ئەم ئەنجامانە نیشانی دەدات؛ پەرلەمانتارانی کوردستان لە ئاستێکی بەرزدا پشتگیری داواکارییەکانی خەڵک دەکەن بە هۆی مێدیا کۆمەڵایەتییەکانەوە. بە مانای ئەوەی ئەو هەڵمەت و بابەتانەی خەڵک لە مێدیا کۆمەڵایەتییەکانەوە دەیکەن سەبارەت بە خواست و داواکارییەکانیان لە حکومەت وا لە پەرلەمانتاران دەکات پشتگیریان بکەن.

ئەو پشتگیریکردنەی پەرلەمانتاران ئاماژەی بوونی گۆڕانکارییە لە ڕەفتاریان و ئەوەش لە دانیشتن و گفتوگۆی تایبەت بە پرۆژەیاساکان و بڕیارەکاندا ڕەنگدەداتەوە. پەرەسەندنی بەرچاوی مێدیا کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان و بەکارهێنانی ئەو مێدیایانە لەلایەن خەڵکەوە وەک سەکۆیەک بۆ گەیاندنی داواکارییەکانیان بە دەسەڵاتداران و سیاسییەکان. ئەمەش وایکردووە مێدیا کۆمەڵایەتییەکان ببنە ئامرازگەلێکی باش بۆ گوزارشتکردن لە خواست و داواکارییەکانیان.

پشت بەستنی پەرلەمانتارانی کوردستانیش بە مێدیا کۆمەڵایەتییەکان وایکردووە لە پەیوەندیکردنی بەردەوامدا بن لەگەڵ خەڵک و ئاگاداری ئەو بابەتانە بن کە لەو مێدیایانە دەبنە جێگەی باسی خەڵک. هەربۆیە وەک ئەنجامەکانی خشتەی ژمارەی ١٨ نیشانیداوە، پەرلەمانتارانی کوردستان بەهۆی مێدیا کۆمەڵایەتییەکانەوە زیاتر ئاگاداری داواکارییەکانی خەڵک دەبن و ئەوەش وادەکات زۆرجار پشتگیری لەو داواکاریانەی لێبکەوێتەوە.

بڕگەی (مێدیا کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنم بۆ گوزراشتکردن لە بۆچونەکانم) بە ناوەندە ژمێرەی ٣.٧٣ پلەی پێنجەمی بەدەستهێناوە لە نێو کۆی بڕگەکانی دیکەی تایبەت بە کاریگەری مێدیای نوێ لەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتارانی کوردستان. بە گوێرەی پێوەری لیکارت ئاراستەی کاریگەری ئەم بڕگەیە بەلای زۆردایە. بژاردەی زۆرجار بە ڕێژەی ٣٩٪ پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە و بەدوایدا لە پلەی دووەم بژاردەی هەمیشە دێت بە ڕێژەی ٢٤٪ . لە پلەی سێیەمیش بژاردەی هەندێکجار دێت بە ڕێژەی ٢٣٪ و لە پلەی چوارەمیشدا بژاردەی کەمجار دێت بە ڕێژەی ١٤٪ . هیچ کام لە پەرلەمانتارەکان بژاردەی هەرگیزیان هەڵنەبژاردووە.

وەک ئەنجامەکانی تایبەت بە بڕگەکە نیشانیدەدات؛ پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان بە ئاستێکی زۆر مێدیا کۆمەڵایەتییەکان بەکاردهێنن بۆ گوزارشتکردن لە بۆچونەکانیان دەربارەی بابەتەکانی ڕۆژ و پرۆژەیاساو بڕیارەکان. مێدیا کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی ئەمڕۆدا وەک سەکۆیەکی بەهێز لەلایەن کەسانی سیاسی و بەرپرسان و هاوڵاتیانەوە بەکاردەهێنرێت بۆ گوزارشتکردن لە بیرو بۆچونەکانیان دەربارەی بابەتە جۆراوجۆرەکان. لە ئێستادا بوونی ئەژمار و پەڕەی تایبەت لە مێدیا کۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازێکی مێدیای جەماوەری لێهاتووە و سیاسیی و بەرپرسەکان دەتوانن ئاسانتر و خێراتر سودی لێوەربگرن بۆ گەیاندنی بۆچونەکانیان و زۆرجار هەر ئەم بۆچونە دەبێتەوە سەرچاوەی هەواڵی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی دیکە.

وەک وەڵامی پەرلەمانتارەکانیش ڕوونی دەکاتەوە لە هەرێمی کوردستانیش مێدیا کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەوان بوەتە

ئامرازێکی باش بۆ گەیاندنی بۆچوونەکانیان بۆ رایگشتی خەڵک.
مێدیا کۆمەڵایەتییەکان بژاردەی زۆریان هەیە بۆ کارئاسانیکردن بۆ کەسانی سیاسیی کە بتوانن وەک مێدیایەکی جەماوەری سودی لێبیبن لە گەیاندنی بۆچونەکانیان لەوانە پۆستکردن و نوسین و کردنەوەی پەخشی راستەوخۆ لە رێگەی دەنگ و رەنگەوە هەرکاتێک و لە هەر شوێنێک بێت. ئەم تایبەتمەندییانە وایکردووە پەرلەمانتاران زیاتر لە مێدیا نەریتییەکان پشت بە مێدیا کۆمەڵایەتییەکان ببەستن لە گەیاندنی بۆچونەکانیان. ئەویش لە رێگەی ئەژمار و پەرەکانی تایبەت بە خۆیان لە هەر کات و ساتێک کە خۆیان بیانەوێت بە بێ سانسۆر و کات و ماوەیەکی دیاریکراو.

شایانی باسە برگەکانی دیکەی تایبەت بە کاریگەری مێدیای نوێ لەسەر لایەنی رەفتاری پەرلەمانتارانی کوردستان بەم شێوەیە ریزبەند بوون لەسەر بنەمای وەڵامی پەرلەمانتاران. برگەی (مێدیا کۆمەڵایەتیەکان وادەکات گفتوگۆی زیاتر بکەم لەگەڵ هاوکارەکانم) لە پلەی حەوتەم دێت بە ناوەندە ژمێرەی ٣.٣٨.

برگەی (مێدیا کۆمەڵایەتیەکان وادەکات باشتر خۆم ئامادەبکەم بۆ گفتوگۆی یاساکان) لە پلەی هەشتەمدایە بە ناوەندە ژمێرەی ٣.٢٨. هەروەها برگەی (مێدیا کۆمەڵایەتیەکان واناکات بتوانم بریاری جیاوازتر بدەم) لە پلەی نۆیەم دێت بە ناوەندە ژمێرەی ٣.٢٦. برگەی (مێدیا کۆمەڵایەتیەکان کارئاسانی دەکات لە چاودێریکردنی حکومەت) لە پلەی دەیەم دێت بە ناوەندە ژمێرەی ٣.٢١. لە پلەی یانزەیەمدا برگەی (مێدیا کۆمەڵایەتیەکان وادەکات باشتر سەرنجەکانم لە پەرلەمان بخەمەڕوو) دێت بە ناوەندە ژمێرەی ٣.١٦. لە پلەی دوانزەیەمدا برگەی (مێدیا کۆمەڵایەتیەکان وادەکات بەشداری کۆبونەوە جەماوەرییەکان بکەم) دێت بە ناوەندە ژمێرەی ٢.٩٠. لە پلەی سیانزەیەم و کۆتاییشدا برگەی (مێدیا کۆمەڵایەتیەکان کارئاسانی دەکات لە پرۆسەی یاسادانان) بە ناوەندە ژمێرەی ٢.٨٣.

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوە

توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

1- میدیای نوێ کاریگەری لەسەر پەرلەمانتاران دروستکردووە و بۆتە هۆکارێک پشتی پێبەستن و لەکاتی بڕیارداندا، حساب بۆ دەنگە رازی و نارازییەکانی ناو میدیای نوێ بکەن.

2- تەمەن کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی پشت بەستنی پەرلەمانتاران بەمێدیای نوێ بەپێی ناوەندە ژمێرەکانیان، پەرلەمانتارە گەنجەکان زیاتر بەکارهێنەر و پشت بەستوون بەمێدیای نوێ، بەڵام بەپێی خشتەی گوزارشت جیاوازیی نییە.

3- گۆڕاوی تەمەن و بروانامە هیچ جیاوازییەک دەرناخات، هەرچەندە هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس زۆرترینن، بەڵام نەبوتە خاڵێکی بەهێز بۆ دەرخستنی جیاوازی، هەروەها بۆ تەمەنیش بەهەمان شێوەیە.

راسپاردە

1- لەکاتی بریارداندا پەرلەمانتاران گوێ بۆ رای گشتی بگرن، لەرێگەی سۆشیاڵ میدیاوە.

2- هەموو بریارە سیاسییەکان هۆکارێک بن بۆ سود گەیاندن بەگشت و رازیکردنی رای گشتی.

## سەرچاوەکان


1- عادل ثابت، النظرية السياسية الحديثة :دراسة للنماذج والنظريات ال يقدمت لفهم وتفس رعالم السياسة، (القاهرة،مكتبة خوارزم، 2002.

2- مصطفى، عباس (٢٠٠٨).الإعلام الجديد؛ المفاهيم والوسائل والتطبيقات. دار الشروق للنشر والتوزيع .

3- حمد عبد العظيم الشيمي، الوظيفة السياسية لصانع القرار في السياسة الخارجية المصرية،( القاهرة، المكتب العربي للمعارف.

4- ظافر آل جميلة (29-3-2017)، "مفهوم اتخاذ القرار"، جامعة بابل- كلية الاقتصاد والإدارة، اطّلع عليه بتاريخ 9-9-2019.

: https://mawdoo3.com/8%B1#cite_ref- LnLpsprHw_3-1

5- ياسين محمد حمد العيثاوي وانس كرم محمد صبحي، صنع القرار السياسي الأمريكي، مجلة مداد الآداب، العدد السابع.

6- Team, A. (2019). تعريف و شرح و معنى نموذج اتخاذ القرار بالعربي في معاجم اللغة العربية معجم المعاني الجامع، المعجم الوسيط ،اللغة العربية المعاصرة ،الرائد ،لسان العرب ،القاموس المحيط - معجم عربي عربي صفحة 1 [online] Almaany.com. Available at: https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar. [Accessed 9 Sep. 2019].

7- Dewdney, A. and Ride, P. (2006). *The new media handbook*. London: Routledge,

8- Feldman, T. (2012). An Introduction to Digital Media. NewYork. Sage,

9- Gibson, W. (1984). *The seesaw log*. New York: Limelight Editions.

10- Harris, R. (2019). *Introduction to Decision Making, Part 1*. [online] Virtualsalt.com. Available at:

https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/decision-making?q=decision-making [Accessed 3 Aug. 2019].

23- Snyder R.C., Bruck H.W., Sapin B. (2002) Decision-Making as an Approach to the Study of International Politics. In: Foreign Policy Decision-Making (Revisited). Palgrave Macmillan, New York

24- Sysomos. (2019), How Social Media Affects Politics https://sysomos.com/2016/10/05/social-media-affects-politics/ [Accessed 23 April. 2019].

25- Techopedia.com. (2018). What is New Media? - Definition from Techopedia. [online] Available at: https://www.techopedia.com/definition/416/new-media [Accessed 5 Nov. 2018].

26- ThoughtCo, (2019), Social Media in Politics - Twitter and Facebook as Campaigns Tools, : https://www.thoughtco.com/how-social-media-has-changed-politics-3367534 [Accessed 13 Nov. 2019].

27- Trewatha, R.L., & Newport, M.G. (1982). Management. 3rd ed., Business Publications, 1982, Triantaphyllou, E., Shu, B., Nieto Sanchez, S., & Ray, T. (1998).

28- www.alukah.net. (2019). مفهوم عملية اتخاذ القرار. https://www.alukah.net/culture/0/63677/ [Accessed 9 Sep. 2019].

https://www.virtualsalt.com/crebook5.htm [Accessed 9 Sep. 2019].

11- James Robinson and Richard Snyder,Decision Making in International Politics.in: 12- Herbert Kelman(ed 3) , International Behaviour, (Holt),Rinehart .and Winston (New York,1966)

13- Jones, S. (2003). *The Encyclopedia of new media*. Sage,

14- Koch-Baumgarten, Sigrid & Voltmer, Katrin. (2010). Public Policy and Mass Media. The Interplay of Mass Communication and Political Decision Making.

15- Lester, P. M. (2011). *Visual communication: images with messages*. Boston. MA, Wadsworth.

16- Livinginternet.com. (2019), Marshall McLuhan, The Global Village https://livinginternet.com/i/ii_mcluhan.htm [Accessed 7 Sep. 2019].

17- Lu, J., Jain, L. and Zhang, G. (2012). Handbook on decision making. Heidelberg: Springer.

18- McLuhan, M. (1960) Effects of the improvements of communication media, Journal of Economic History.

19- Multi-criteria decision making: An operations research approach. Encyclopedia of Electrical and Electronics Engineering, 15.

20- Nytimes.com. (2019), It's a Flat World, After All. https://www.nytimes.com/2005/04/03/magazine/its-a-flat-world-after-all.html [Accessed 4 Aug. 2019].

21- Oxford Dictionaries | English. (2018). new media | Definition of new media in English by Oxford Dictionaries. [online] Available at: https://en.oxforddictionaries.com/definition/new_media [Accessed 5 Nov. 2018].

SearchMicroservices. (2018). *What is new media? - Definition from WhatIs.com*. [online] Available at: https://searchmicroservices.techtarget.com/definition/new-media [Accessed 5 Nov. 2018].

22- Oxfordlearnersdictionaries.com. (2019). decision-making noun - Definition, pictures, pronunciation and usage notes | Oxford Advanced Learner's Dictionary at OxfordLearnersDictionaries.com.